سودانی ماتەمینی بۆ کۆچی دوایی یاریدەدەری بریکاری وەزیری ناوخۆ بۆ کاروباری فریاکەوتن لیوا ھوبەیعی دەگەیەنێت

فەرماندەی گشتی ھێزە چەکدارەکان ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، محەمەد شیاع سودانی، ماتەمینی بۆ کۆچی دوایی یاریدەدەری بریکاری وەزیری ناوخۆ بۆ کاروباری فریاکەوتن لیوا محەمەد خالد ئەحەیم ھوبەیعی گێڵا.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە،فەرماندەی گشتی ھێزە چەکدارەکان ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز محەمەد شیاع سودانی، ماتەمینی بۆ کۆچی دوایی یاریدەدەری بریکاری وەزیری ناوخۆ بۆ کاروباری فریاکەوتن لیوا محەمەد خالد ئەحەیم ھوبەیعی ڕادەگەیەنێت کە بە جێنشینی دێ لە کاتی ئەرکدا گیانی لەدەستدا.

سەرۆک وەزیران وتیشی بەم کۆچکردنە شەرەفمەندانە، ھێزە ئەمنییەکانمان سەرباز و سەرکردەیەکی ئەمنییان لەدەستدا کە ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی عێراق و گەلەکەی تەرخانکرد.

لەکۆتایی پەیامەکەیدا ھاتووە پرسە و سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و ھاوکاران و ئازیزانی کۆچکردوو دەکەین.